# مەکسیم گۆرگی
# تویژینەوە لەمەڕ ژیان و داهێنانەکانی

بەشی سێهەم و کۆتایی



بەکوردی کردنی خاڵەبەکر
bakeramin@hotmail.com

شانۆگەری دامێن:

گەر بێت و ڕۆمانی "فوماغوردیف"لە سەرەتای دووهەمین قۆناغی داهێنانی گۆرگی دا بەرهەمێکی تێرو تەسەل وبیٚ کەمو کووڕی بوبێت لە پێناو ڕێگەچارەی بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداریدا ، وە هەروەها ڕۆمانی "دایك" یش بەرهەمێك بێت بەهەمان بەهاو ماناو شێوە لە پێناو هەڵایسانی شۆڕشدا، ئەوا بیٚ گومان شانۆگەری "دامێن" بەهەمان مەبەست و شێوەوشێواز کاریگەریەکی بیٚ وێنەی هەبوو سەبارەت بە هاندانی خەڵکانی چەوساوەو ماف پێشێلکراوان، ئەو خەڵکانەی کە مافەکانیان ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوەو دامێن ڕۆ دەچوو. شانۆگەریش بەوە بەراورد ئەکرێت کە پێکهاتەیەکی توندوتیژی واقیع ئامێزە، مەبەستیشمان لێرەدا پەیوەندیە ئینسانیەکانە لە نێوان یەکتریدا ، وەهەر وەها ئاڵوگۆڕکردنی ئەو پەیوەندی و خواست و ئارەزوە باوانەی کە لەنێو خەڵکیدا لە ڕووی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەوە شیدەکرێنەوەو شانۆگەرییش تاووتویٚی دەکات. لە هەمان کاتیشدا ئەم بنەما واقعیە سەبارەت بە شانۆگەری ڕۆشناییەکی ڕۆمانتیکی شۆڕشگێڕی لە خۆ دەگرێت. وەسەبارەت بەتایبەتمەندێتی کارەکتەرەکان لە شانۆگەریدا وتووێژەکانیان زۆر بە ڕاشکاوی لە یەکتریان جیادەکاتەوە چونکە بریتیە لە دەربڕینی ئەو ڕاوبۆچونانەی کە هەر یەکەیان لە گەڵ ڕەوت و دۆخی باری کۆمەڵایەتی و دۆخی سایکۆلۆجی خۆیدا دەیگونجێنێت.

شانۆگەری"دامێن"ی گۆرگی ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە چۆن مرۆڤ بەرەو نزمترین ئاست خلۆربۆتەوەو هەردەم چەوساوەو ماف پێشێلکراوە لە نێو کۆمەڵدا. وە لەڕوویەکی تریشەوە ئەم شانۆگەریە لێوان لێوە لە هیوا بڵندی و گەشبینی بەرامبەر بە ئینسان ، چونکە ئینسان خاوەن توانایەو بیٚ ئومێد نیە لە ڕزگارکردنی خۆی لە دەست زوڵم و ستەم.

ئەم شانۆگەریەش بڵندگۆیەکی ناڕەزاییو دەربڕینێکی مەزنی مرۆڤانە بوو، لەحەنای بەرەنگاربوونەوە دژ بەچەرمەسەری و ئەو دۆخە نالەبارو ناهەموارەی کە ئینسان تیایدا دەیگوزەران. لەشانۆگەریەکەشدا"دامێن" بە ڕوونی و ڕاشکاوی ئینسان دەرکی بەوە دەکرد کە ئەم شانۆگەریە هاندەرێکە بۆ هوشیارکردنەوەی ئینسان و درووست بوونی متمانە بەخۆ بوون لە پێناو بنبڕکردنی ئەو بارودۆخە دزێوەی کە ئینسان بەدەستیەوە دەناڵێنیٚ و تاڵی ژینی تیا دەچێژێت . ئەم بەرەنگاریەش بوونە پاڵنەرێك بۆ گرتنە بەری ڕێگای خەبات و تێکۆشان بۆ خۆ قورتار کردن لە ستەم و ژێردەستەیی کەبریتین لە دوو فاکتەری سەرەکی لە ژیانی ئینساندا، گەر بێت و لە پێناو نەهێشتنیدا خەبات و تێکۆشان پێکەوە گریٚ نەدەیت ئەوا هەر بەو شێوەیە دەژیت و گشت ووزەو تواناو هەوڵ و کۆششی ڕزگار بوون و ئازادیت لیٚ زەوت دەکات.

ڕۆمانی دایك:

گۆرگی لە ڕۆمانی "دایك"ا وێنەڕوداوێکی چڕوپڕی بیٚ کەموکووڕی پێشکەش کردین بەو هێزو توانایەی کە لە ژیان و بارودۆخەکەدا سەری هەڵدا لەپێناو بەیەکەوە گرێدانی خەبات و تێکۆشان دژی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك. لەم ڕۆمانەشدا دوو وێنەی هونەری هەمیشە پێکەوە پەیوەست بەو ئاقارەماندا دەبات کەدوو بابەتی لە یەك جیانەبونەوەن لە داهێنانە سەرەتاییەکانی گۆرگی دا: هەڵسوکەوتی تێکۆشەری ڕۆمانتیکی سڵ نەکردوی مەیدانی خەبات و، وەدیهێنەری ئازادی بۆ مرۆڤایەتی، وەهەروەها وێنەی مرۆڤێکی ڕیالیستی"واقعی" خۆ ئامادەکار

ناوەرۆکی ڕۆمانەکەش بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناو وەدیهێنانی ئاسودەیی و سەربەستی.
ئاشنامان دەکات بە_ کەسایەتی کرێکاران_بەشۆڕشگێڕان ، ئەوانەی لە شێوەو ڕوخساریاندا بزوتنەوەی واقعی کرێکارانیان تیا بەدی دەکرێت ، وە لە هەمان کاتیشدا ئاسۆو دوا ڕۆژێکی ڕۆشن و ڕوناك. هەر وەك چۆن ناوەرۆکی ڕۆمانی"فوماغوردیف"بابەتیانە لەبارەی سەرمایەداری دوا، بەهەمان شێوە

ڕۆمانی"دایك"بابەتیانەو سەردەمانە لە بارەی بزوتنەوەی شۆڕشگێری ئاخافت دژ بە چەوسێنەران و ماف پێشێلکاران. کەسایەتیەکانی ڕۆمانەکەش بریتین لەو کەسانەی لە واقیعدا بوونیان هەیەو پەیوەندیەکی توندوتۆڵ و ڕاستەوخۆیان بەو خەڵکانەوە هەیە کە لە بنەمادا هەن و مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێت. لەم بارەیەوە گۆرگی دەڵێت"لەو دەمەوەی کە لە"نیجنی نوفغورد"بووم پاش خۆ پیشاندانەکەی"سورموفسکایا"بیرۆکە نوسینی کتێبێکم لە سەر ژیانی کرێکار لا گەڵاڵە بوو. وەلە هەمان کاتیشدا دەستم کرد بە گەڵاڵە کردنی بابەتەکان و تاووتوێم کردن و تێبینی و ڕاوبۆچونی هەمەجۆری خۆشمم لەبارییەوە ڕێنوس کرد. "بافڵ فلاسوف و بیلاغیانیلوفنای دایکی " دووکەسایەتی بە یەك نزیکن لەخۆپیشاندانەکەی"سورموفسکایا"ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەری بەرچاویان هەبوو: وەبەهەمان شێوە"بیوتر"واتە"بوترس اندریفیتش زولۆمۆف و" "ئاناکیریلوفنا"ی دایکی ، "زولۆمۆف"دانسقەترین نمونەی ئەو نەوە نوێ یەی کرێکاران بوون کە لەسەردەمی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمداخۆیان هاویشتە باوەشی ئەو خەباتەوەو ووزەو توانایەکی بێ هاوتاو بێ شوماریان کردە بەر بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەو سەردەمە.

کەسایەتی دایك:
ڕۆمانەکە هەر بەو ناوەوە زەند کرا ،" گۆرگی"یش بنەمای فیکری خۆی سەبارەت بەڕێڕەوی ڕۆمانەکە دووپات کردەوەو گرنگیەکی تایبەتیشی بە کەسایەتی دایك دا، لەڕاستیشدا ڕۆمانەکە لە جەوهەردا پێش هەموو شتێك چیرۆکێکی گەشە پێدانی ڕۆڵی دایکە بۆ هاندان و تێکۆشان، ئەم هەڵوێست و کاردانەوەیەش لەژیانی کەم کەسدا ڕوودەدات و سەر هەڵ ئەدات، بەتایبەتی گرتنە بەری ئەو ڕێبازە خەباتەی کە کرێکاران گرتیانە بەر لە پێناو شۆڕشدا، ئەمەش لە خۆدا ماناو گرنگیەکی تایبەتی بەخشی بە کەسایەتی "بیلاغیانیلوفنافلاسسوفا". سەرەڕای ئەوەی ڕۆمانەکە بە شکستیەکی ڕووکەشانەی شۆڕشگێران کۆتایی دێت ، وەلێ خوێنەر لە هزریدا بڕواو متمانەیەکی لا جێ دەمێنێ کە سەرکەوتن نزیکەو هەر وەدی دێ.

کەسایەتی بافێڵ:
کەسایایەتی بافڵ لە ڕۆمانەکدا گرنگی و تایبەتمەندیەکی بێ هاوتای پێ بەخشراوە.چونکە گۆرگی لێرەدا درێژە پێدەرو تەواوکەری ئەدەبی دیموکراتیە وە هەموو بەردەوامیەکیش برەوپێدانی شۆڕشە،وەخوڵقێنەری چەندین کەسایەتی شۆڕشگێڕی ڕێی ئازادیە بەبەرگو ناوەرۆکێکی ئێجگار نوێ وە_وەکو_ ڕەحیمنتۆف_ی ڕۆمانی "چی بکەین باشە"ی؟جرنیشیفسکی.وە لە دیدوڕوپەیەکی دیکەوە کەسایەتی و ڕۆڵی "بافڵ"ئەو کەسایەتی و پاڵەوانانەن کە پێشتر لە ئەدەبی سۆڤێتیدا ڕۆڵیان هەبووە_وەکو_"بافڵ کورجاغین"ی نیکۆلای اوستروفسکی ، وەهەروەها "هەرزەی پاسەوان"ی فادیف و، چەندین کەسایەتی تریش. بەهەر حاڵ گرنگی کەسایەتی "بافڵ فلاسکۆف" خۆی لەو بۆتەیەدا دەبینێتەوە کە گۆرگی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا سیماو ڕوخسارێکی شۆڕشگێڕێکی بێ هاوتای بەبەرداکرد، لەلایەکی تریشەوە ئەو کەسایەتیەی بە
شێوەیەك قاڵ بوو کرد کەبە بیرو بۆچونی خۆی دەبێت کرێکاری شۆڕشگێڕ بەو شێوەیە بێت.

ناوەرۆکی ڕۆمانەکە:
ئەم ڕۆمانەلەپاش شکستهێنانی شۆڕشی 1905 ساڵی 1907بڵاوبۆوە، لە سەردەم و قۆناغێکدا کە فشاری کۆنخوازان لە برەودابوو،لەبەر هێندێ وەشاندنی ڕۆمانی دایك لەو کات و سەردەمەدا دەنگ و سەدایەکی تایبەتی هەبوو، وە ئامانج و ئاکامیشی پێکا. لەم بارەیەشەوە گۆرگی ووتی"ئەوەی لەسەر شانی من کەڵەکە بووەئەوەیە کە پشتگیری و هاوکاری برەوپێدانی بەرەنگاربوونەوە بکەم دژ بەهێزی تاریکی و دوژمنانی

ژیان .گۆرگی ئەم ئەرکەشی بەشێوەیەك ئەنجامدا بەبێ ئەوەی هیچ کەموکورییەکی تیا بەدی بکرێت، سەرەرای ئەوەش رۆمانەکە لەتەك رەوت و بارودۆخی سەردەمەکەدا هەنگاوی دەناو هیچ کەلەبەرێکی تیا رەچاو نەکرا. گۆرگی بەشێوەیەك بەسەرهاتەکانی تیادا بەر جەستە کردبوو کە پراوپر کالای بەقەد بالای پالوانەکادا بریبوو، ئەوەشی بۆ خۆێنەر خستبوە روو کە پێویستە ئەوانیش بەهەمان رێرەو ئەو رێبازە بگرنە بەرو ببنە نمونەیەکی درەوشاوە لە کۆمەلگادا. رۆمانی دایك بەرهەمێك بوو، گۆرگی توانی هزری خۆی تیایدا سەرکەوتوانە بەرجەستە بکات لەحەنای سەر لەنوێ بنیات نانەوەی کەسایەتی ئینسانی نوێ، لە حەنای ئینسانی تێکۆشەرو خەباتگێر لەپێناو وەدیهێنانی سۆسیالیستیدا. بیرۆکەی سۆسیالیستیش بەواتای پیرۆز، بەواتای هێنانەکایەی کەسایەتی گونجاوو بەجێ، بەواتای قالبوون لەژیاندا ، بەواتای برەودان بە شۆرشی جەماوەری،ئەمانە هەموی سیماو روخساری سۆسیالیستی واقعین کەرۆمانەکە ئێجگار گونجاو پێکاونی، لە بەر هێندێ سۆسیالیستی واقعی لەرۆمانی دایکدا لەبۆتەی یەکبونێکی رۆشنفکری قولدا خۆی دەبینێتەوە. بەم پێوەرو مانایەش جێی خۆیەتی بلێین رۆمان لە ئەدەبی سۆڤێتی و ئەدەبی شۆرشگێرپدا بە گشتی نمونەیەکی دیارو درەوشاوەیە. لە هەمان کاتیشدا ئەم رۆمانە کاریگەریەکی بەر چاوی هەبوو ، بە تایبەتی لە سەر نوسەرەکانی سۆڤێت و سەرجەم نوسەرەنوێخوازەکان لە دنیادا، وەهەر وەها کاریگەریەکی بەرچاویشی لە سەر هەندێ چیرۆك نوسی عەرەبی بەناوبانگ هەبوو بۆ نمونە وەك عەبدولرەحمان ئەلشەرقاوی و غایب توعمە فەرمان و تۆفیق عەواد و مەهدی عیسا ئەلسەقەرو موەفەق خزەیرو،چەندینی تریش.

قۆناغی داهێنانی دوای شۆرشی ئکتۆبەر:.

دوای شۆرشی ئکتۆبەرگۆرگی بە تواناو سەلیقەیەکی لێهاتوانەوە، دەورێکی بالاو گرنگی بینی لە بەرەو پێش چونی ئەدەبی سۆسیالیستیدا، ئەم کاردانەوەیەشی لەهونەری سۆسیالیستی نوێدا کە لەرۆمانی"دایك"ا پێشکەشی کردو بەر جەستەی کرد، تەك ئەوبەرهەمانەی لەوەو پێشتری کەخستبونیە بەر دیدی خوێنەران بالاترین نمونەن، وەك شانۆگەری "یغوربولیجوف و ئەوانی تریش" سالی1931،وەشانۆگەری "دوستیغایف و ئەوانی تریش"سالی1932،وەشاکۆگەری"سۆمۆف و ئەوانی تریش"لەتەك ئەو دوو رۆمانەیدا"رووداوەکەی ئال ئرتومانۆف" و"ژیانی کلیم سامغین" کە خۆی لە بنەرەتدا لە بۆتەی دوو داستانا خۆیان دەنواندو دەبینیەوە لە حەنای برەو پێدانی چالاکی و جموجۆلی راستەو خۆی رێکخراویدا لە ولاتی روسیادا.

سەرجەم ئەم چالاکی و جموجۆلانەش بوونە مایەی زیندوترین نموونە بۆ سەرجەم ئەدیبەکانی سۆڤێت.

. رووداوەکەی ئال ئرتومانوف:

ئەم رۆمانە سالی1925 رۆشنایی بینی ، پوختەی ناوەرۆکەکەی لە بارەی سێ نەوەی نێو خێزانێکی روسیەوەیە، وەهەر وەها بریتیە لە گەشەونشونمای ژیانی کەلە خێزانێکی بۆرژواو پاشان خل بونەوەیان بەرەو هەلدێر، وەلێ ئەم رۆمانە بەر هەمێکە لە بەرهەمە دانسقەکانی ئەدەبی سۆڤێتی.

کەهۆشمەندانە سەرەداوەکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمی پیش شۆرشی تاوو توێکردوەو شیکردۆتەوە "گۆرگی"یش لە یادەوەریەکانیدا نکولی لەمە ناکات و لە تەك"لیف تۆلستۆی" لە یادەوەریەکیدا سالی 1902 بەم شێوەیەگوزارشتی لێوە دەکات.(لە تەك تۆلستۆی لەبارەی ئەو خێزانە بازرگانەوە دەمەتەقێم کردکە سێ نەوەی پێگەیاندو دەشمناسین، هەمیشە حەزو خواستو وویستیان ئەوە بوو یاساو داب و نەریتە قێزەونەکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە بەسەر ئێمەماناندا بسەپێنن ، هەر لە بەر ئەوەش بوو سەرنجی راکێشام و بێ چەندو چوون هاتمە گۆ، حەقیقەتە بۆ نەیدرکێنم و پەردە پۆش بکریت، لە"ڤی تولا"هەمان شێوە دوو خێزان هەن پێوست ناکات بەکورتی لە بارەیانەوە بنوسرێت ، پێویستە ئەم باسە لە رۆمانێکی قەبەو دوورو درێژدا دارێژرێت، تێم ئەگەیت مەبەستم چیە؟ بێ شك تێ ئەگەیت..! رووداوەکەی "ئال ئرتومانۆف"بەدووروودرێژی لە بازنەیەکی هونەری پر وێنەو کەسایەتی لێهاتوی بێ وێنە کۆتایی پێهێنرا ، کە لەو روانگەیەوە گۆرگی بەرەخنە داخی دلی خۆی بە سیستەمی سەرمایەداری رشت و رسوای کردن.

ژیانی کلیم سامغین: گۆرگی سالی

سالی1927بەش بە بەشی ژیانی "کلیم سامغین"ی بلاوکردەوە، هەر لە کۆتایی حەفتاکانەوە تاوەکو سالی1917، بنەما سەرەکیەکانی قۆناغی گەشەکردنی سەرمایەداری روسی لە ماوەی چل سالی رەبەقدا لە گەرمەی بارو دۆخی خەباتی چەندین تەوژمی ئایدۆلۆژی هەمە چەشنەی ئەو سەردەمەدا، لە روانگەی دیدو بۆچونی خۆیەوە تاوو توێ کرد.لێرەشدا دەتوانین بلێین ژیانی"کلیم سامغین" ژیانێکی رەهاو رەوای داتاشراو نیە، بەلکو ژیانی ئەنسکلۆبیدیای روسیایە، ئەمە ئەم پێناسەیەیە کەرەخنەگری بەناوبانگی روسی بیلینسکی رۆمانی"یفغینی ئونینغن"ی پۆشکینی پێ وەسف کرد. لەمروانگەیەشەوە بووە مشت و مری زووربەی هەرەزۆری جەماوەر کە

نزیکەی 500 کارەکتەری خستبوە ئارەوە،لەمەڕ ڕوداوەکانی سەردەم: وەك شۆڕشی1905،جەنگی جیهانی یەکەم، شۆڕشی شوبات، وەهەر وەها هاتنی "لێنین" یش بۆ بتروگراد. وەدوا بەدوای ئەم ڕوداوانەش شێوەی خەباتی ئایدیۆلۆژیە جۆراو جۆرەکانیش پێشکەوتنی بەخۆوە بینی، هەر یەك بەئەندازەی خۆی کۆششی دەکرد بۆ گەشە پێدانی فکریی ڕۆشنبیرەکانی ڕوسیا( ئەمەش لە کۆتایی ڕۆژگارەکا سەدەی نۆزدەهەمدا تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم).

گۆرگی_ نوسەرێکی کۆمەڵایەتی:

گۆرگی بەوە دەژمێردرێت کە نوسەرێکی دووربین و ڕەخنەگرێکی لێهاتوی ئەدەبی سۆڤێتی و ڕوسیە، کتێبی مێژوی ئەدەبی ڕوسی زیندوترین بەڵگەیە بۆ ئەم پێناسیەمان _ ئەم کتێبە بریتیە لە کۆمەڵە ووتارێك کە کاتی خۆی لە دورگەی "کابری" کرێکارە ڕوسیەکانی خوێندبۆو وە لە کۆمەڵە ووتارێکی تریشدا سەبارەت بە ئەدەب بیروڕاو بۆچونەکانی خۆیمانسەبارەتبە تەکنیکی ئەدەبی و داهێنان فەنتازیاو ئەو ئەرکانەی کە دەکەونە سەر شانی نووسەر پێشکەش کرد.

وە ئەو دەمەی گۆرگی لە ئەمەریکا ژیانی دەبردە سەر کۆمەڵێك نامیلکە کتێبی بەچاپ گەیاند: وەکو_ "شاری شەیتانە زەردەکە" ، وەهەر وەها چەندین نامیلکە کتێبی دیکەش_ کەتیایدا دووڕووی و بەکرێ گرتەیی تیا ڕسوا کردبوو، کە سیستەمی سەرمایەداری لە وڵاتە یەکگرتۆکان پەیڕەوی دەکرد. پاش ئەم گەشتە درێژ خایەنەش،گۆرگی لە یەکێتی سۆڤێت بناغەی دەرکردنی دوو گۆڤاری گەڵاڵە کردو ئەرکەکەشی خستە سەر ئەستۆی خۆی : دوو گۆڤارەکش بریتی بوون لە:"یەکێتی سۆڤێت و پرۆژەی ئاوەدان کردنەوە" ئەوی دیکەش بەنێوی"دەسکەوتەکانمان" ئەم دوو گۆڤارەش مەبەست پێك بوون لە پێناو خستنە رووی سودو بەخششەکانی سۆسیالیستی لە دوتویی بابەتەکانیاندا، وەهەر وەها چەندین ڕیپۆرتاژی "گۆرگی"شی لە خۆ گرتبوو سەبارەت بەوەی کەچۆن یەکێتی سۆڤێت هەنگاو بەرەوئاسودەیی و دامەزراندنی سۆسیالیستی نوێ .

دەنێت.وەگرنگترین و بەناو بانگترین ووتاری تیا وەشاند بە نێونیشانی" ئێوە لەتەك کێدان ئەی جڵەو بەدەستا ڕۆشنبیری"کە تیایدا ڕاشکاوانە و بێ سازش کردن ئەدەبی ڕۆژئاوای لیبرالی بۆرژوازی بێ هەمێت کردبوو، کارامەش جەوهەری ڕۆشنبیری بنیات نەرانەی ئینسانی پێشکەوتوخوازی تیا ڕاڤە کردبوو لە پێناو سەقامگیر بوونی سۆسیالیستیدا .

ئەدەبیات و نوسینەکۆمەڵایەتیەکانی گۆرگی لە سیەکاندا دژ بەفاشیەت ڕادەربڕینێکی پوختی نیشتیمان پەروەری و بڕوا بەخۆبوونیکی پتەوی بەهێزە لە حەنای سۆسیالیستیدا، هەمیشە پشت ئەستورو گەشبینیش بووە بەوەی کە سۆسیالیستی هەر دەبێت سەرکەوتنی ئێجگارەکی بەدەست بهێنێت و شکستیش بە سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بهێنێت و پاشماوە ژەهراویکانیشیان لە کۆمەڵگادا بنبڕ ببێت .

پوختەی ئەم توێژینەوەیەش سەرنجمان بەلای ئەوەدا وەردەچەرخێنێت کە گۆرگی شۆڕشگێڕوکۆڵنەدەر لە تەك داهێنانە ئەدەبیەکانیدا بریتین لە چوونە نێو مێژوی پڕ بەهای ئەدەبی سۆڤێتیەوە، سەرەڕای ئەوەش گۆرگی یەکەم دەست پێشخەر بووە کە هیواو ئامانجەکانی بەشێوەیەکی هونەری داڕشتووە، وە هەروەها دامەزرێنەری ڕێبازی ئەدەبی سۆسیالیستی واقعییش بووە.

***

.

سەرچاوە:دراسات ادبیە: د. جلیل کمال االدین. 1985چاپی یەکەم. ل119_125.

تێبینی:بەشی یەکەم و دووەم لە ڕۆژەکانی_10و12هەر لەم سایتە ئازیزەدا بڵاو بوونەتەوە.